کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
27-12-2006 22:12 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەرەنجامی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا ... هەورامان علی توفیق

Berzi-san@web. de



سەرکردایەتی کورد و ئەو هەولآنەی کە هەمیشە بەردەوام بوون سەرەرای ئەوەی کە داکۆکی کردن لە ماف و خواستە نەتەوەییە کوردیەکان کە لەسەرەتایی دەست بەکاربوونی پرۆسەی ئازادی عێراق بەردەوامن. دواتر لەگەڵ هەموو ئەو کۆمەڵە گرفت و کێشە تەشەنەکراوانەی کە ڕووبەڕوی کورد بوونەوە سەرەرایی ئەوەش عێراق کەوتە ژێر باری نائاسی و لێکترازانی شیرازەی ئاسایش و تەشەنەکردنی باڵی ترۆرو کوشتن و دووبەرەکی و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە تایفەگەریەکان و وەلانانی هەموو بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان کە زامن کەری ئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیانی بەدواوەیە.. کەواتە دروست بوونی زۆر دەرگایی چاوەروان نەکراو وایان لەرەوتی کارەکان کرد کە شێوازی پرۆسەکە ترسی لادان و دەرچوون لەرەتی خۆیی بەدی بکرێت. تەنانەت ئەمریکا و هاوپەیمانانی کەوتنە خۆ بۆدۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ خۆرزگارکردن لەم گێژاوەی کە تێیکەوتوون و ئەو پەلەقاژەی کە دەستیان پێکرد لەبینینی سەرکردە سیاسی و سەربازیەکانی عێراقی بەهەموو چین و توێژەکانیەوە تا گەیشتە ڕاپۆرتەکەی بێکەر - هاملتۆن کە بووە گێژاوێکی تری سیاسی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئەو دەنگە ناڕازیانەی کە ئەو ڕاپۆرتەیان بەتێکرای دەنگ رەدکردەوە لەوانەش کورد و عەرەبەکان و ئەمریکیەکانیش بۆخۆیان هەموو لەگەڵی نەبوون، کەواتە بەشێوەیەگشتی ئەم هەووڵانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە گرفتەکان زۆر لەوە گەورەترن کە دەیان بینین و هەستیان پێدەکەین.

هەرچەندە بەنیسبەت سەرکردایەتی کوردەوە لە سەردانی لەم شێوە لەسەرەتایی پرۆسەی ئازادیەوە بەردەوام بوون بەڵام یەکلانەبوونەوەی گرفتەکان و مانەوەیان بەشێوەیەکی هەڵواسراوی ئەوە دەخوازن کە ناوەبەناوە سەردانی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێت و هەمیشە لێپرسینەوە لەچۆنیەتی رەوتی بارودۆخەکان هەبێت. سەردانێکی 27 و رۆژی کە لەبەرواری 23ی مانگی یانزەوە دەستی پێکرد و کێشە پەیوەستەکان بە کوردەوە یەك لاکردنەوەی بوودجەی هەرێم و یاسایی نەوت و باری پێشمەرگەو چەند بابەتێکی تر لەگەڵ دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ دەرچوون لەم گێژاوەی کە ئێستا عێراق تێیکەوتووە.

بەپێ ی ئەو لێدوانانەی کە سەرۆکی هەرێم لە تەلاری پەرلەمان و بەئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان و چەندین میوان بەرێزیان کۆیی ئەو سەردانەوە و ئەو ئاستەی کە دانووستاندنەکان پێی گەیشتون و ئێستای بارودۆخەکان عێراق و باری هەرێمی کوردستان.. کەواتە سەرجەمی ئەو خاڵانەی کە نەتەوەی کورد بۆ بەدیاربوونی پێگەی لە ئێستای عێراق و ئەم گێژاوە سیاسی و سەربازیەی کە خەریکە عێراق بەرەو ئافاتی شەری ناوخۆ بەرێت و لەم ئاگرەشدا بەدڵانیاییەوە کورد بێ بەش نابێت..

ئەوەی بەرێزیان ئاماژەی پێدا ئەو شەرەی کە ئەمرۆ بوونی هەیە خۆیی لەدوو شەر دەدات یەکەم شەری شیعەو سوننە یە، دووەم شەری نێوان عێراق و تیرۆرە، کەواتە لێرەدا تێك ئالآنێك لەبارودۆخەکان بەدی دەکرێت شەرێك لەلایەن تیرۆرەوە دژ بەخواستی گەلانی عێراق بەبێ جیاوازی بوونی هەیە و مەیدانێکە بۆ تۆڵەسەندنەوە لەسەر حسابی خەڵکی بێتاوان، لەلایەکی تر شەرێکی تر کە نێوان شیعەو سوننە ئەو دوو مەزهەبەی کە ئەم دووبەرەکیە لەدێر زەمانەوە سەپێنراوە و بەهۆی بەنووی زەمینەی لەبار ئەم دووبەرەکیە ماوەتەوەو لەلایەکی تر پاشماوەی گەندەڵیەکانی رژێمی بەعس کە بۆخۆیان هۆکارێن لە دروست بوونی ئەم ئالۆزیە، ، لەلایەکی ترەوە بەرێزیان باسی لە رۆڵی پەرلەمانی عێراق کرد بەرامبەر بەم کێشانە ئەوەی رونکردەوە کە ئەوانەی لە پەرلەماندان و بەشدارن

لە حکومەت و لەسەرەوە و لەکۆبوونەوەکاندا تەبان و کە دێنە دەرێ و دەکەوونە بەردەم چاوی کامێراو پێش میکرۆفۆن ئەوەی دەکەونە دژایەتی و قسەکردن دژ بە یەکتری. یان ئەو پەرلەمانەی کە ئەندامانی نزیکەی 130 ئەندامی ئەم ساڵ لەم بارودۆخە ناهەمواره بەرەو حەج جوون بەبێ ئەوەی بیرلەوەبکەنەوە کە خەڵکی عێراق ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بە ڕۆڵی ئاشتی خوازیانەی پەرلەمان هەیە و پێویستی بەوەهەیە کە لەم گێژاوە ڕزگاریان بێت.

لەلایەکی تر بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا کە نەبوونی متمانە بەیەکتر و نەگەیشتنە ئەو بڕوایەیی کە دەبێ کێشەکانیان بەڕێگای لەیەکتر گەیشتن ولە سەرمێزی گفتووگۆوە چارەسەریان بۆبدۆزنەوە..

کەواتە گەیشتن بەم ئاستە و هۆیەکی زۆر بەرچاو دیار ئەوەیە کە لەسەرەتاوە دووبەرەکی و نەگوونجان و جیاوازی بیرو ڕاهەبوون بەرە تایفەیەکان واتە دروست بوونی شیعەو سوونە لەگەڵ ئەوەش دا هەمان گروپ لەناوخۆیاندا چەندین بەشی جیاوازوو نەگونجاو بوون و پاشانیش ئەمریکا و ئەسیاسەتەی کە لەسەرەتاوە گرنیە بەر بەشێوەیەکی هەڵە بەبێبیرکردنەوە لەدەنجامەکان یان بەشێوەیەکی ڕونتر بڕوای بەوە کرد کە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی دەتوانێ جێگای سەدام و دارو دەستەکەی دەکرێتەوە بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەی ئەوان پلانیان بۆ دانابوو وادەنەچوو چۆن برێمەر لە کتێبەکەی (سالێکم لەعێراق) دا دەڵێت (لم نجد شخیية عراقية رمینه ووگنیه تحکم عراق ما بعد یدام) کەسێکی عێراقی دڵسۆزو نیشتمان پەروەرمان نەدۆزیەوە دوای سەدام فەرمانڕەوای عێراق بکات.

کەواتە ئەمە ڕاو بۆچوونی ئەو سەرکرە ئەمریکیانەن کە دەبنە دامەزرێنەر و بناغەدانەری عێراقێکی دیموکرات و فرەلایەن و فیدراڵ کەبەم شێوەیە لە سەرکردایەتی سیاسی عێراقی و لایەنە سیاسیە کان دەدوێت و ئەوە بڕوایەتی.. ئەم شێوە بیرکردنەوانە بوونە هۆکارێك کە عێراقیان بەرەو نشێو بردووە وابەرەو هەڵدێریشی دەبەن.

لەلایەکی تر بەڕێز بارزانی لەبارەی کە ئەو بەرەی کە چاوەڕوانکراوە یان کاری بۆدەکرێ بەشێوەی کە لەڕێگای ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان ئەو لانە و پێکهاتانەی عێراق تابتوانرێ پرۆسەی سیاسی عێراق بەرەوپێشبرێت..

لێرە داوەك لەوتارێکی پشترم دا لەم بارەیەوە ئاماژەم پێداوە کە ئەم شێوەی تێکەڵ بوون یەکگرتنانە ئەوەی لەبەرژەوەندی عێراق دەبێت هێندە بەرژەوەندی کوردی پێوە دیارنابێت چونکە بەیەك نەگەیشتنی بیرو ڕاکانمان لەگەڵ ئەو هێزو لایەنانەی کە ئێستا کورد لەدان و ستانداپە لەگەڵیان بۆ دابین کردنی ئەو خواستە کوردیانەی کە ئەوان پێیان ڕەوانیە و سستی لە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارو ڕاسپاردەو ڕێکەوتنانەشدا دەکەن کە دەربارەی زۆر لەو مەسەلانە لەوانە پرسی کەرکوك و ماددەی 140 و زۆر بابەتی تر کە هەڵواسراون و کورد پێویستی بەوە هەیە داکۆکیان لەسەربکات بەڵام ئەگەر ئێمە لەسەر کێشە کە لەنێوان خۆیاندایەو لەسەر حسابی کورد بۆ ڕێککەوتنەوەی ئەوان ئێمە ئەگەر داواکاریەکانمان پاشگەزنەبینەوە بەڵام بەهەڵواسراوی بیاهێڵینەوە یان بۆ ماوەیەك دوایان بخەین. هەرچەند بەڕێز سەرۆکی هەریم سەبارەت بە کەرکوك بڕوای وابوو کە بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نادرێت بۆ دواکەوتنی یان جێ بەجێ نەکردنی و ئەگەر ئەو هەنگاوانە بەپێچەوانەی خواسی کورد بن ئەوە ئەوکات قسەی لەسەردەکەین و هەڵوێستمان دەبێت..

لەگەڵ تەئکید کردنەوەی لەسەر مەترسیداربوونی بارو دۆخەکان ئەگەر لەسەر هەمان ڕەوتی ئێستای بڕوات و ئەو پەیوەندیە کە کورد هەیەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەی ئێستای عێراق یەکەم لەڕوی مرۆیی یەوە یە و دووەم بەو پێیەی کە ئێمەی کورد لەچوارچێوەی عێراقداین و هەر گرفت و نەهامەتی و کارەسات ڕووبەڕووی عێراق بێتەوە ئەوە ئێمەش دەگرێتەوە.

دزاتر پابەندبوون بەو دەستورەی كە ێستا هەیە مەرجێكە بۆیەك پارچەی عێراق و پاشانیش ئەو ڕاپۆرتەی بێكەر هاملتۆن ئەو هێزەی دایە كورد كەبەیەك دەنگی دژی ڕاوەستێ و یەك بڕوای خۆیی نیشانبدات. لەهەمان كات بەڕێزیان بڕوای وابوو كە هیچ كات ئەو ڕێگایە نادرێت وولاتانی ناوچەكە دەست لەكاروباری عێراق وەربدەن و گرفت بۆ هەرێمی كوردستان بێننەپێش یان ناوبەناو باس لەسەر ئەوەدەكرێت كە كۆنگرەی نێونەتەوەی بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی عێراق و پێداچوونەوە بەدەستووری عێراقدا و یان پێشوازی كردنی چەند گروپ و لایەن كە دژ بەپرۆسەی ئازادی عێراقن و نایانەوێ ئەو وولاتە بەئاشتی بژی و بەتایبەت هەوڵی ئەوە دەدەن ئارامی و ئاسودەیی كورد بشێوێنن.
لەهەمان كات سەبارەت بە ناردنی پێشمەرگە بۆ بەغدا وەك كورد ئەو داوایەیی لاپەسەند نیە و ئەوەی كورد دەتوانێ بەئەنجامی بگەیێنی ئەوەیە كە كارێكی دیاری كراو یان شوێنێكی دیاری پێشمەرگە دەتوانێ ڕۆڵی دیاروبەرچاوی خۆیی بگێڕێ نەك ببێتە نیشانەیەكی بۆ قەناس و سەیارەی مین ڕێژكراو ئەوە نەبۆكورد باشەو نەبۆ عەرەب.
بەتێكرای ئەو گفتووگۆیانە و ئەو بۆچوون و لایەنانەی كە سەركردایەتی كورد لەهەوڵدان دایە بۆ بەدەست هێنا لەگەڵ ئەو هاوكێشە ناتەبایەی كە ئەمڕۆ لەمەیدانی سیاسی عێراق دا بەدیاردەكەوێ و ئەوەی كە كورد دەی خوازێ و لەئاست ئەو هەموو قوربانی و ماڵ وێرانیەدا بە شیاوی دەزانی وەك مافێك بەدەستی بێت. زۆر لەیەك جیاوازن و پەیوەندی یان پێكەوە گرێدانیان كەمێك گرانەوە هاوكێشەكان دەشێوێنێ، لەگەڵ ئەو هەوڵانەی سەركرداەتی سیاسی كورد بۆ ڕاگیر كردنی ئەو هاوكێشیە بەڵام گەر ئەمڕۆ نەبێت ئەوە سبەی بەهۆی نائارامی و نەبوونی ئاسایش و لێك ترازانی شیرازە ئەو هاوكێشیەش دەترازێ و پێویستە كورد لەگەڵ هەموو ئەو پلان و سیاسەتەی بۆ یەك گرتنەوەی عێراق و بەردەوامبوونی ئەو ئاوێتەبوونە هێندەش بیر لەوەبكرێتەوە كە كورد وەك نەتەوەیەك پێویستی بەوە هەیە ستراتیجیەتی نیشتمانی و بەرژەوەندیە نەتەوەییە چارەنووسسازیەكانی پێش چاو بخرێن و بەرنامەی درێژخایەن و گرفتی و كارەساتی چاوەڕوان نەكراو ئامادەكاری بۆ بكرێت. تا ئەوەی ئێستا لەدەستمان ماوە لەدەستمان نەچێت، یەكگرتنەوە و یەك پارچەی كورد لەم دۆخەدا كارێكی هەرەگرنگ و پێویستە و هێزێكە بەكوردی دەبەخشێ بۆ ئەوەی دەتوانین بیلێین با ئێمەی كورد لەخۆمانەوە دەست پێبكەین و ئەوەی لەنێوان خۆماندا تەبایی و برایەتی و نیشتمان پەروەری و كوردایەتی و وەلانانی بیری تەسكی حزبابەتی و ڕوانین بۆ یەك ئامانج كە هەموومان لەیەك چوارچێوەدا كۆدەكاتەوە و وەك نەتەوەی دەمان ناسێنێت.